



# چۆن مۆدە شیکەکانی جلوبەرگی ڕەش هەڵدەبژێریت

ڕەنگی ڕەش بە ڕەنگی شاهانە دادەنرێت، جوانترین و سەرنجڕاکێشترین ڕەنگە لە دوای ڕەنگی سپی. لە جلوبەرگیشدا مۆدێکی شیك دروست دەکات، بۆیە پێویست دەکات هەموو ئافرەتێك زیاتر لە پێنج پارچە جلی ڕەشی هەبێت، چونکە تاکە ڕەنگە لەگەڵ هەموو جلوبەرگێکدا دەگونجێت. تەنانەت لە نمایشەکانی جلوبەرگدا ڕەنگەکانی جلی ڕەش دەخرێتە کۆتایی نمایشەکە تا دواجار لەبەرچاوی هەمووان بمێنێتەوە، ڕەنگی ڕەش ناوازەیە بۆ جلوبەرگ هەروەها بۆ هەموو کات و شوێنێك دەگونجێت. دەکرێ لە کاتی بۆنە و یادەکاندا کراسێکی درێژی ڕەش هەڵبژێردرێت، چاکێتی ڕەش بۆ کاتی فەرمی و زانکۆ بپۆشرێت، بەدی و بلووزی ڕەش بۆ ناو ماڵ و چوونە دەرەوە هەڵدەبژێدرێن. هەروەها دەکرێت پارچەیەکی جلەکەت لە ڕەش هەڵبژێریت، تا تەواوکەری جلەکانی دیکەت بێت. زۆربەی خانمانی ئەکتەر و ناوداران گرنگی بە ڕەنگی ڕەش دەدەن، لەوانە: جەسیکا بەیل، کاران وازن، ڤیکتۆریا سیکرێت، کە لە زۆربەی نمایشەکانیشیاندا ڕەنگی ڕەش بە ڕەنگی سەرەکی بەرهەم و جلەکانیان دادەنێن.

# ڕەفتار و هەڵسوکەوتت لە کاتی کار و دەوام

بەشێکی زۆری خانمان خاوەن پیشە و دەوامی فەرمین، کە لەو شوێنەشدا لەگەڵ دەیان کەس تێکەڵیان دەبێت و بەرچاوان دەکەون، هەر بۆیە پێویستیان بە ڕەفتاری بەرز و جولانەوەی سنووردار و جلێکی پۆشتە دەبێت، تا لە کاتی دەوامی فەرمیش وەك شازادە دەرکەون و کەسایەتییەکی بەرزیان هەبێت، پسپۆڕی بواری کەسایەتی و ڕەفتار (چارلی گوانز)، بەم خانمانە دەڵێت: شێوەی دەرەوە و ڕەفتارت کاریگەری لەسەر کەسایەتیت و ئاستی خۆ گونجاندنت دەکات، بۆیە هەوڵدە سوود لەم ڕێنماییانەی خوارەوە وەربگری:

لە شوێنی فەرمیدا، هەمیشە هێمن و لەسەرخۆ بە، دوور بکەوە لە شپرزەیی و نیگەرانی. هەمیشە سەرت بەرز بکە و ڕۆژانە ئارایشتێکی جوان و جیاواز بکە. جلەکانت با ڕەنگاوڕەنگ نەبن و بەڵکو ڕەنگی تاریك هەڵبژێرە لەوانە: ڕەش، ڕەساسی، قاوەیی، سپی، نیللی. لە کاتی دەوامدا، قژت ببەستە و بە کراوەی مەیهێڵەوە، ڕەفتار و هەڵسوکەوتت نەرم بێت و توڕە و توند مەبە. ئەگەر کەسێك هەڵەی بەرامبەرت کرد، مەیکە هەڵا و شەڕ و ئاژاوە، بەڵکو فەرامۆشی بکە تا پارێزگاری لە کەسایەتیت بکەیت. لەگەڵ هەمووان دۆست بە بەڵام زۆر دەمەقاڵی مەکە، وامەکە گاڵتە و گەپت زۆر بێت، بەڵکو سنوودار و لە کۆتاییەکانی دەوام و کار بێت.





# ستایلە سەرنجڕاکێشەکانی ڕەنگی بریقەدار بۆ لێو

لە مۆدە تازەکانی سووراو و بۆیەی لێو، گرنگی بە ڕەنگە مات و شاراوە و کوژاوەکان دراوە، کە بوونەتە لوتکەی ڕەنگە هەڵبژێدراوەکانی لێو. دواجار گرنگیش بە ڕەنگی بە بریقە دراوە و لەگەڵ چەندین ڕەنگی دیکە بوونەتە سەرنجڕاکێشترین شێوازەکانی بۆیەی لێو. لێرەدا چەندین ڕەنگ و بۆیەی لێو کە لە پاکێچدا دانراون بۆتان روون دەکەینەوە، بە هیوای سوود وەرگرتن: سەرەتا دەتوانیت بۆیەی بریقەداری (سیداکیشن بۆتانیکال) لە مارکەی (لۆتزباڵز) بکەیتە ڕەنگی سەرەکی لێوت. دەشتوانیت ڕەنگی بریقەی لێوت لە هەمان ڕەنگی پێستت بێت، هەروەها ڕەنگی بریقەی نیوّد مۆدێکی نایابی هەیە بۆ بۆنە و یادەکان تەرخان کراوە. ڕەنگی پەمەیی و سووری تۆخی بریقەدار بۆ زەماوەند و ئاهەنگ گونجاون. ئەوانەی حەز بە لێوی پڕ و سەرنجڕاکێش دەکەن، دەتوانن سوود لە بۆیەکانی خانمە ئەکتەری جیهانی ئەنجلینا جولی وەربگرن کە زیاتر گرنگی بە ڕەنگی هەناری و جەرگی دەدات. دەکرێت ڕەنگی سپی ومۆر بە ڕەنگی سەرەکی لێوت دابنێیت کە بۆ گەشت و دەرچوون گونجاوە. ڕەنگەکانی (پەمەیی و شین) ناسکن و نایابن بۆ دانیشتن و کۆبوونەوەی دەستەخوشکان و هاوڕێیان.


# تۆپێکی پێ (٣٢) ساڵ گەشت دەکات



بۆشاییی ئاسمان هیچ هێزی راکێشانی نییە، بەڵکو ئەگەر کەرەستەیەك یان شتێك بکەوێتە سەریشی هێزی نابێت و وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەو کارە سەیرە لەوکاتە روویداوە کە تیمێکی بۆشاییگەری ئەمریکی بە سەرپەرشتی (ئەلیسۆن ئونیۆزکا)، لە ساڵی (١٩٨٦) کاتێك ئەو تۆپە لەنێو کەشتیدا بووە، کەشتیەکە بەهۆی کێشەوە تەقیوەتەوە، بەم جۆرە تۆپەکە دەکەوێتە بۆشاییگەری ئاسمان، دواجار ئەو تۆپە لەلایەن تیمەکانی بۆشاییگەری دۆزراوەتەوە، بەبێ ئەوەی بتەقێت یان هەوای لە نێودا نەمێنێت. لەم بارەیەوە کارگێری نیشتمانی بۆ چاودێریکردنی ئاسمان و بۆشاییگەری ئەمریکی (ناسا)، ئەو تۆپە لە نێو کەشتی (چاڵنچەر) دا بووە، (شان کامبر) کاتێك لە گەشتێکدا دەبێت و ئەو تۆپە دەبینێت، لەلای سەیر دەبێت کە تۆپێك لە بۆشاییگەری چی دەکات، کاتێك سەیری تۆپەکە دەکات ساڵی دروستکردنی لەسەر نووسراوە بۆ ساڵانی ١٩٨٥ و ١٩٨٦ دەگەڕێتەوە.








# جوانترین نەخش و نیگ

مزگەوت ماڵی خوایە، لەلایەن مرۆڤەوە بنیات دەنرێت، وەك شوێنێك بۆ نوێژ و عیبادەت خوێندنەوەی مەولود و بۆنە ئایینییەکان و پرسەگێڕان، لە نێو مزگەوتەکاندا، جوانترین نەخش و نیگاری جۆراوجۆر هەن، کە زۆربەیان گوزارشت لە ئایەت و فەرموودە و هێمای ئایینی دەکەن، بەهۆی ئەوەی ئافرەتان کەمتر دەچنە نێو مزگەوتەکان، بۆیە رەنگە بێبەش بن لە بینینی جوانی نەخش و نیگارەکانی نێو مزگەوت، بەپێی راپۆرتێك (٣) ملیۆن و (٨٥٠) هەزار مزگەوت لە تەواوی جیهاندا هەن، هەر یەکێك لەوانە بە جوانترین شێوە و ئەندازە دروست دەکرێن، بەڵام جوانترین نەخش ونیگار لە چەند مزگەوتێکن کە لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان هەن، لەوانە: مزگەوتی تاج مەحەل لە هیندستان، مزگەوتی ئەقسا لە فەلەستین،

# خانووی رەش

هەموومان حەز دەکەین خانووەکانمان بە رەنگێکی کراوە رازابێتەوە، بەو رەنگانەی دیکۆر و ژوورەوەی ماڵەکان دەکەنەوە،کەچی ئەو ئەندازیارە هیندستانییە لە وڵاتی کۆریا سەیرترین خانووی دروست کردووە، کە سەراپای لە رەنگی رەش پۆشراوە، دیمەنی ژوورەوەی وەك دیمەنی ئاسمان و بۆشاییگەری وایە. ئەو پڕۆژەیە لەلایەن ئەندازیارێك کە ناوی ئاسەف خانە دروست کراوە، بە ناوی (هیۆندای پاڤیلۆن)، کە دەکەوێتە شاری بیۆنیگ شانگ، ئەم خانووە بە تاریکترین خانوو دادەنرێت، بە تۆخترین رەنگی رەش بۆیە کراوە، کە باریکییەکەی بە (٣٥٠٠) لە تەلە مووێکی مرۆڤ باریکترە، لە ماددەیەمی نانۆ کاربۆنی رەش دروست کراوە پێدەگوترێت (Vantablack VBx 2)، کە لە توانایادا هەیە لە (٩٩٪)ی رووناکی بمژێت و نەهێڵێت رەنگدانەوەی هەبێت.





## ـــــارەکانی سەر مزگەوتەکان

مزگەوتی بۆترا لە مالیزیا، مزگەوتی پێغەمبەر لە سعودیە، مزگەوتی شین لە ئەفگانستان، مزگەوتی نور لە کازاخستان، مزگەوتی پادشاهی لە پاکستان، مزگەوتی شین لە ئیستەنبوڵ، مزگەوتی حەسەنی دووەم لە مەغریب، مزگەوتی کریستاڵ لە مالیزیا، مزگەوتی گوڵ شەریف لە روسیا، مزگەوتی نەسیر مەلیك لە ئێران. کوردستانیش لە جوانترین مزگەوتەکانی جیهان بێبەش نییە، جوانترین مزگەوت بە ناوی جەلیل خەیاتە دەکەوێتە شاری هەولێر، جوانترین نەخش و نیگاری لە ناوە و دەرەوە بۆ کراوە، رووبەرەکەی دەگاتە (١٥٠٠٠) هەزار مەتر دووجا، لە ساڵی (١٩٩٧) دروست کراوە، دوو منارەی بەرزی تێدایە کە بەرزیان دەگاتە (٧٣) مەتر، یەك قوبەی هەیە ئەویش (٤٥) مەتر بەرزە. شوێنی (١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠) کەس دەبێتەوە.

## جوانترین چاوەکانی پشیلەیەک

هەندێ لە گیانداران هێندە جوان و سەرنجڕاکێشن، کە لە تەماشاکردنیان دڵت تێر نابێت و خۆزگە دەخوازی هەمیشە لەبەرچاوت بن، نموونەی ئەو پشیلە چاو شینە جوانە، نیگای چاوەکانی لە رەنگی نێو دەریا و ژێر زەریاکان دەچێت، ئەو شوێنانەی کە ئاوەکانیان ئەوەندە پاکن رەنگی شینی ئاسمانیان گرتووە. (کوبی) ئەو پشیلە ناوازەیە، کە ئەوەی سەیری بکات، بۆ ماوەیەك لەگەڵی دەمێنێتەوە، کوبی وەك خاوەن جوانترین چاو خەڵاتی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەدەستهێناوە. کوبی، تووکی کورتە و تەمەنی (٢) ساڵە، خاوەنەکەی ناوی (دالی)یە، کاتێك ئەو پشیلە بچووکەی لە باخچەی گیانداران بە (٥٠) یۆرۆ کڕیوە، بچووك بووەو چاوەکانی هێندە شین نەبووە، لەگەڵ گەشەکردن و گەورەبوونیدا، چاوەکانی گەش و هێندە شین دەبن بۆتە مایەی سەرنجڕاکێشانی هەموو جیهان.



## وێنەی سێ رەهەندی لە نێو لەپی دەست



چەند ساڵێکە گرنگی بە وێنەی سێ رەهەندی (3D) دەدرێت، کە دۆزینەوەیەکی پێشکەوتووی بواری وێنەکێشان و وێنەگرتنە، لە رێگەی ئەو جۆرە وێنەیەوە هەر چوار لای یان سێ بەشی وێنەکە بە جوانی دەردەکەوێت. لوکا لۆسی، ئەو هونەرمەند و پسپۆڕەی وێنەی سێ رەهەندی ئیتاڵی، لە دوا بەرهەمیدا سەیرترین وێنەی 3D لە نێو لەپی مرۆڤ کێشاوە. ئەو کارەش تەنیا لە رێگەی ماکیاژەوە ئەنجام دەدات، ئەگەر لەبەرچاوت نەبێت و بە کامێرا وێنەی گیرابێت، وادەزانی کە راستەقینەیە و وێنە نییە، هەر وێنەیەکی نێو لەپ ماوەی (٣٠) خولەکی دەوێت تا تەواو دەبێت. لوکا، تەمەنی (٣٧) ساڵە و ماوەی (١٥) ساڵە وێنە دەکێشێت.





## جیاوازی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە !




## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە برایەتی و یەکڕیزی دەکات، تەنانەت ئەگەر بەشێك یان لایەنێك نەتوانێت تەواوکار بێت، بە هاوکاری و هەماهەنگی کەسانی دیکە و لایەنی دیکە تەواوکەری یەکتر دەبن.

# ئارایشت و جلوبەرگ بۆ سەگ و پشیلە

لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەورووپا گرنگی زۆر بە گیانداران دەدرێت، کە هەندێکیان هێندە لە نێو ژیانی خەڵك دەژین، لە دارستەکانیان بەرچاو ناکەون، بۆ ئەو مەبەستە کۆمپانیایەکی جوانکاری بە ناوی (بارو) چەندین هەنگاوی بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردنی گیانداران ناوە، ئەو کۆمپانیایە چەندین سیشوار و ئارایشتی بۆ گیاندارە خۆماڵیەکانیان لە شێوەی کەتەلۆگ ئامادە کردووە، تا ئەوانەی بیانەوێت سەگ و پشیلەکانی ماڵەوەیان جوان بکەن، سوود لەو کەتەلۆگانە وەربگرن، یان بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردنی ئاژەڵەکانیان داوای یارمەتی لەو کۆمپانیایە بکەن. ڕازاندنەوەی هەر ئاژەڵێك بە بڕی (٦) دۆلارە، ئەوانەی لە بەشداربووانی ئەو کۆمپانیایە بن، داشکانیان بۆ دەکرێت.





## یاری وێنە

لە یاری وێنەی ئەمجارەدا، سێ خانوو هەیە، هەر خانووێك پێویستی بە هێڵی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی هەیە، هەوڵبدە هەر سێ پێداویستییەکە بە هێل بۆ هەر سێ ماڵ ڕابکێشیت و بەبێ ئەوەی بەسەر یەکتردا تێپەڕ ببن، کاتێکی زۆر بۆ خۆت تەرخان بکە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کەسێکی زیرەکی و بەڵام بەختت کەمە لەو کارانەی ئازارت دەدەن، هەر خۆتیش هۆکاری ئەوەی کە بۆت دروست ببن، ئەگینا دەتوانی لەو کەسانە دوور بکەویتەوە کە کێشەت بۆت دروست دەکەن. ڕێگەیەکی شیاوت لە مامەڵە کردنت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت هەڵبژاردووە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

تا ماوەیەکی دیکە ئەو کێشەیەی ئێستات بەردەوام بێت، چونکە کەسی بەرامبەرت نایەوێت لێت تێبگات، تۆش بۆ کاتێکی دیکە فەرامۆشی بکە، ئاساییە لەم کاتەدا تووشی دڵتەنگی ببیت، بەهۆی ئەوەی کێشەکانی ئێستات کە قووڵن، بەڵام بەم زووانە چارەسەر دەبێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەر کاتێك نیازت وایە کارێك بکەیت، سەرەتا دەبێ بیرۆکەی بۆ دابنێی، پاشان جێبەجێ بکە. لە شتێك پەشیمان مەبەوە کە هێشتا نەتکردووە، ئەو کەسەی نیازی تۆی هەیە، دەیەوێ سەرەتا دڵت داگیر بکات، ڕێگەی مەدە تا دەیناسی و لە هەستەکانی تێدەگەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەوەندە متمانە بە کەسانی دیکە مەکە کە ئەزیەتت دەدەن، چونکە متمانەی زۆر دەبێتە هۆی ناخۆشی بۆت، کەسێك لە نزیکتە و هەردەم دەیەوێ یارمەتیت بدات، هەستێکیشی بۆت هەیە و ناتوانێت پێیت بڵێت، تۆش ماوەیەك لێی نزیك ببەوە، تا لەو هەستەکەی بگەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

چارەسەر بۆ کێشەکانی خۆت بدۆزەوە، مەهێڵە کەس لە ڕازەکانت تێبگات، تا ئەو کاتەی دەتەوێ جێبەجێیان بکەیت، ماوەیەکە دوودڵی لە هەر کارێك کە دەتەوێ بیکەیت، ئەو مامەڵەکردنەی خۆت و کەسی نزیکت، بەرەو خراپی دەڕوات و پێویستە چاکتری بکەنەوە.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەر هەنگاوێکت دەهاوێژیت، دەبێ ئامانج و مەبەستێکت هەبێت، ئەو کەسەی لە دڵتە، ڕەنگە لەو کاتە گونجاو نەبێت تا نزیکی یەکتر بن، پێویستیتان بە کاتە تا زیاتر یەکتر دەناسن و لە ڕاز و هەستی یەکتر تێدەگەن، بە دوای کارێکی تازەی، بەڵام لەم کاتەدا بۆت نابێت.



## فێڵکاری وێنە

لەم وێنەیەدا، دیمەنی دارستانێك دیارە، کەچی وەك ئەوە وایە ئاوێنەیەکی گەورە دانرابێت، چونکە دارێك چەماوەتەوە، کە ئەوەش لە سرووشتدا ئەستەمە، هەوڵدە راست و دروستی وێنەکە لە ماوەی (۱) خولەك ئاشکرا بکەیت.





## پەند و وتە

ئێرنێست میللەر هەمێنگوای، نووسەر و ڕۆمان نووسی ئەمریکی، لە ساڵی (۱۹۸۹) لە شاری ئۆکپارکی ویلایەتی ئیللینیۆس لە ئەمریکا لەدایکبووە، لە ساڵی (۱۹٦۱) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی قسەکردن و بێدەنگی دەڵێت: مرۆڤ پێویستی بە دوو ساڵە تا فێری قسەکردن بێت، بەڵام پێویستی بە (۵۰) ساڵە تا فێری بێدەنگی ببێت.

## دوورگەیەکی تەواو بۆ فرۆشتن

هەمیشە لە نووسینگەکانی خانووبەرە مامەڵە لەسەر کڕین و فرۆشتنی خانوو و ڤێلا و شووقە دەکرێت، بەڵام ئێستا دوورگە و کەنار فرۆشتنیش پەیدابووە، دۆزینەوەی دوورگەیەك لە بەریتانیا بۆ ساڵانی (۱۷۰۰) دەگەڕێتەوە، کە رووبەرەکەی (۲۰) هەزار مەتر دووجایە، لەسەر ئەو دوورگەیە تەنیا خانووێك هەیە کە (۵) ژووری نووستن و (۲) هۆڵ و شوێنی دانیشتنی تێدایە، ئەو دوورگەیە ناوی (یەنس فیلۆگ)ە، دەکەوێتە سەر دەریای ئیرلەندا لە باکووری شاری وێلز. دەوروبەری خانووەکە بە دار و بار داپۆشراوە، هەروەها کەشێکی هێمن و نایابی بۆ ژیان بەسەربردن هەیە، نرخی ئەو دوورگەیە (۹۵۰) هەزار دۆلارە.











کەسێك تایەیەکی ئۆتۆمبێلی دۆزییەوە، زۆر بیری کردەوە چی لەو تایەیە بکات، گەیشتە لای هاوڕێیەکی و گوتی تایەیەکی ئۆتۆمبێلم دۆزیوەتەوە، هاوڕێکەی دەڵێت: بە ملت داهات ئۆتۆمبێلێکی بۆ بکڕیت !

### گۆزە ۱/۲۰ - ۲/۱۸

ڕووداوێکت کە بەسەرت هات، نابێ ئەوەندە خەمی پێوە بخۆی، بەڵکو پێویستە دەرسی لێ وەربگری، تا لە داهاتوودا دووبارەی نەکەیتەوە، کاتێکی خۆشت لەگەڵ کەسێکی نزیکت بردە سەر، ماوە ماوە لە یەکتر نزیك بن، هەر کارێك دەیکەیت، سەرەتا بیری لێ بکەوە و دڵنیابە لەوەی کە ئەنجامەکەی باش دەبێت.



### نەهەنگ ۲/۱۹ - ۳/۲۰

ئەوەی دەیەوێ لێت نزیك ببێتەوە، دەتوانی بۆ ماوەیەك ڕێگەی بدەیت، بەڵام با ئەوەندەش نەیەتە ناو ژیانت کە ژیانت تێکبدات، داهاتووت گەش دەبێت و کەسێك لە نزیکەوە چاودێریت دەکات، ئەو ماوەیە ساتێکی خۆشت بۆت دەهێنێت و لە کارەکانت دوودڵ مەبە و ژیرانە بیر بکەوە.



### شایان ۹/۲۳ - ۱۰/۲۲

ئەنجامی ئەوەندە چوونە ناو ژیانی کەسی دیکە، زیانی بۆت هەیە، چونکە کاتێك ئەو هەست دەکات زۆر لێی چوویتەپێش، دەبێتە هۆی گرفت بۆت، هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و ئەوەش کاتییە، لەو کاتەی پێویستیت بە کەسێکە، ڕاستەوخۆ پێی بڵێ و مەترسە لە داهاتووت، چونکە بەرەو باشی دەچێت.



### دووپشک ۱۰/۲۳ - ۱۱/۲۱

ڕازیبوونت لەسەر ئەو شێوازە کارانەی ئێستات، هۆکارێکە بۆ زیاتر شکاندنی هەست و دروونت، پێویستە لەوە زیاتر داوای بکەیت و لە مافی خۆت خۆش نەبیت، ئەو ڕێگەیەی هەڵبژاردووە بۆ چارەسەری کێشەکانت، دروستە و ئەرکی خۆت بە خۆت بیکە و بە کەسی ڕامەسپێرە.



### کەوان ۱۱/۲۲ - ۱۲/۲۱

گرنگە بتوانیت تەنیا خۆت بەسەر هەستەکانتدا زاڵ بیت، چونکە ماوەیەکە لەبەر بیرکردنەوە لە داهاتووت، تووشی بێ ئومێدی بوویت، ئەوەش سەرەتایەکە بۆ ڕووخانت، هەوڵبدە هەستیتەوە و دیسانەوە کارەکانت بە خۆت بکەیت، ڕێگەی داهاتووت لەگەڵ ژیانی تایبەتیت گونجاوە.



### گیسک ۱۲/۲۲ - ۱/۱۹

کاتێك بیر لە داهاتووت دەکەیتەوە، پێویست ناکات ئەوەندە خەمی بۆ بخۆی، لەوەی کە ئەو ئاواتەت جێبەجێ نابێت، پێویستە هەوڵی بۆ بدەیت و ئینجا دەزانی تا چەند کارەکەت دەبێت یان نا، ماوەیەکە هەست بە دوودڵی دەکەیت و ئەوەش کاتییە و دەڕوات، هەمیشە گەشبین بە.